# بڕیاری 1636ی ئاسایشی نێو دەولەتی

## ئەحمەد دەشتی

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هەموو گەورە مەردانی کورد و جیهان و هەمیشە یادیان بەخێر، هەر لە ڕۆژگارانی زوودا گەلیَ جاران لە گەل براو هەڤاڵ و مامۆستای هێژا و زۆر ئازیز و خۆشەویستم و پێشمەرگەو دڵسۆز و خەباتگێرو ماندو نەنانسەکەم شەهیدی نەمر عەبدولخالیق مارف کە سالەهای ساڵ بە یەکەوە لە دەنگی کوردستان دا کارمان دەکردو پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن بووین ، ئەو مرۆڤە مەزنە کە خاوەن تواناو هۆش و بیرێکی پڕ لە زانست و هەستی مەزنی کوردایەتی و دڵسۆزی بوو،تا بڵێی حەزی لە کوردو کوردستانی خۆی دەکردو هۆکاری هەرەمەزنی شەهید کردنی ئەو مامۆستاو زانایە تەنیا ئەوە بوو کە کوردێکی دڵسۆزو پاک و زنایە و مرۆڤێکی بە توانا و پڕلەزانست و پرۆفیسۆرێکی تا بڵێی لیَ هاتوو بوو لە هەمووبوارەکانی ئەلەکترۆنیات و ئەنتێناو کارەبا و گەلیَ لە زانستیەکانی تری گراماتیکی کوردی و مەنتیق و فقە و شەریعەتی ئیسلامی و گراماتیکی عارەبی و بۆخۆی دەریایێ لە زانست و زانێن بوو لە مەنتیق و بەلاغە و بەیان و زانستەکان ، هەر بۆیەش بوو کە دڕندە مرۆکوژەکانی سەدامی خوێن ڕێژ ئەو مامۆساتیە هێژایەیان شەهید کرد و نامەردانە تەنیا لەبەر ئەوەی کە کوردێکی زانا بوو ترۆریان کرد ، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو گەورە مەردەی کە هەمیشە باسی کوردستانمان دەکرد دەمانگوت : ئەوکاتە دەبینین کە کوردوکوردستان سەربکەوێت کە لەم ناوچەیەی خاوەر میانە دا گۆڕانکاریەک وەدی بێت کە زلهێزێکی دونیا بیەوێت و بتوانێت کەلەم دەڤەرە دا خۆی جێگیر بکات و ئەگەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆشی بێت و هەولی گۆڕانکاریەکان لەم ناوچانە دا بدات بۆ لە ناو بردنی ئەو دکتاتۆرانە و مرۆکوژانەی کە لەم ناوچەیەدا جنایەت و مرۆکوژی ئەنجام دەدەن و کورد دەکوژن ، کە ئەو زلهێزە بتوانێت ئەوان ڕژێمانە لەناو بەرێت و قاویان بدات و ڕێگا لە کوشتن و برین و ماڵویرانی و داگیر کردنی کوردستان بگرێت و هەولی پیادەکردنی دیموکراتیەت و داننان بە مافی ڕەای گەلان لەم دەڤەرە بسپێنی و ببتە هۆکاریَ کە دوژمانی کوردو کوردستان نەتوانن کە چیتر کورد بکوژن و دژ بە دیموکراتیەت و پێشکەوتن و مافی گەلانی ئازادیخوازی وەک گەلی کورد بدەن و خاکی لیَ داگیر و تەعریب بکەن و ئەم هەموو دەردو ئازارانە و کارەساتانەمان پیَ بگەیێنن و ڕۆژانە سەدان تەن باروتمان بەسەر دابارێنن و شارو گوندمان بە خاک یەکسان بکەن ولە هەموو ناوچەکانی خاوەر میانە دا جەرگی دکتاتۆرەکانی تازی و تورک و عەجەم ببرن و ئیتر داگیر کردن و کوشتن و برینی ئاوا کە داگیرکەرەکان بە سەر کوردی دێنن بیانخەنە ژێر پاو ژێر گل و لەناویان بەرن ، ئەو زلهێزانە بێنە کوردستان و هاوکاریەتی گەلی کورد بکەن و کوردیش بکاریَ کە ئەم دۆستایەتی و برایەتیە لە گەل ئەوان زلهێزانەدا بپارێزێت و دژ بە هەموو دکتاتۆرەکانی ناوچەیی دۆستایەتیان لە گەل دا بە هێز بکات و کورد بتوانێت خۆی لە هەموو هەلەکانی ڕابوردو کە بە سەر کورد هاتووە و هۆکاری نەبوونی وەڵاتێکی سەبەخۆی کوردەواری

بووه توڕیان بدات و دووریان بکاتەوە و ئەو هەموو حەمکە جاش و خۆ فرۆش و سیخورانەی کورد ببڕێنەوە و کورد یەک پارچە بێت ، هەروەها نەمر مەلا عوسمان نۆغەرانی هەموو جاری کە ڕای خۆی دەردەبڕی و هەبوو هەمیشە سوێندی دەخوارد دەیگوت:من پێموایە کورد ڕزگار نابێت ئیللا!!! ئەگەر بوومەلەرزیەکی وابێت کە جیهان تەکان بدات و زەوی و جیهان بە تەواوی بگۆڕێت و کوردستان لایەکی سنوری خۆی ببێ بە دەریاو ئەوسا دەڵێم کوردستان سەربەخۆ دەبێت و کوردیش دەبێ بە خاوەن قەوارەیەکی میللی خۆی .

بەڵی ئەمڕۆ بە بیرو بۆچونی من ئەم ئاواتانەمان کە ئەو دەمانە بیرمان لی دەکردەوە وا نەزیک بووەتەوە و هەموو دیاردەکانی ئەو ڕۆژگارانەی کە باسمان لەو بارەوە لێوە دەکرد وا خەریکە دێتە دی هاتنی زلهێزێکی وەک ئەمەریکا و هاوپەیمانانەکانیان بۆ ناوچەو لیدانی سەدامی خوێن ڕێژ و دۆستایەتی کردنی گەلی کوردو ڕاگرتنی ئەم دۆستایەتیەی گەلی کورد و سود وەر گرتن لەم هەڵە مەزنە و دەعوەت کردنی سەرۆک بارزانی بۆ کۆشکی سپی بە ناوی سەرۆکی کوردستان و سیما شیرینەکەی بارزانی هێژا بە بەرگی کوردی و پەیڤین بە زمانی شیرینی کوردی لە کۆشکی سپی دا و ناو هێنانی بارزانی بە پریزدێنت لە لایەن سەرۆک بۆش لە بەر چاوی هەموو جیهانیان ، ئەمانە هەمویان دیاردەن بۆ ئەو ساتانە کە لەو ڕۆژگارانەوە باسمان لێوە دەکرد ، ئەمڕۆ دەبینین کە گەورەترین زلهێزی جیهان وا لە عێراقی زێدی کوشتن و بڕینی مرۆڤ و ون کردنی هەزاران هەزار کوردی بێتاوان بە دەستی دکتاتۆەکەی بەغداوە کە دژ بەکورد ئەنجام دراوەو ئەمڕۆ نەماون و وا ئەو زلهێزەی ئەمریکا لێی داکوتاوە و وا بە هاسنیش کە من پێم وایە لیی دەرناچێت و هەتا گۆرانکاریەکان وەدی نێتن نەک هەر لە عێراق بەلکو لە دەورو بەری عێراقیش،کەگەلێ زەحمەتە تازە لێی دەربچن ، وا بینیمان کە گەورەترین دکتاتۆری ڕۆژگاران و گەورەترین مرۆکوژیان لە عێراق تێک شکاندو بە و دەردەیان بردووە کە دەیان بینین ئێستا چلۆن ڕەزیل و شەرمەزار بوینە و وا ناویان کەوتە زبلدانی میژووە ، کە هەمووومان دیبوشمان کە سەداماین چلۆن وەک کابوسێ بە سەر گەلی کورد و هەموو ناوچەکەدا داسەپابوون و چۆن دڕندانە ئەو هەموو جنایەتانەیان دژ بە گەلی کوردئەنجام دا ، ئەمڕۆ دیارە کەوا جیهانی جیهانگیری گۆڕانکاریەکانی بە سەر هەستی مرۆڤیش دادێنێت بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوین دا ، وا دەبینین و دەبیستین کە لە نەتەوە یەک گرتوەکانیش بڕیاری تازە تر بۆ لێدانی ئەوانەی کە دەیانەوێ ئاژاوەکان زیاتر بنێنەوەو وێرانکاری لە ناوچەکە دا بۆ بەرژەوەندیەکانی ترۆریستان و خۆیان هەر پەرە بە کوشتن و ترۆر کردن بدەن و پشتیوانی خۆیان بەدزی و لە بنەوەڕا لە خەراپکاران بکەن ، بەڵام بڕیاری چارەسازی جیهانیان بەیکەوە وا دژ بەو وەڵاتانە دەردەچیت و بۆ نەهێشتنی ئەوان کەسانەی کە بیر لە وەدیهێنانەوەی کردەوەکانی وەک سەدام دەکەن و لەملاو ئەولادا هاوکاری دەکەن بۆ دزە کردنی ترۆریستان و کوشتنی کەسایەتیەکانی جیهانی وەک کوشتنی حەریری هاوکاری لە گەل مرۆکوژان دەکەن و لێ ناگەڕین کە گەلانی ئەم ناوچەیە بە ئارامی و ئازادی و دوور لە کوشتن و بڕین بمێننەوە و هەمان سیاسەتی کوشتن و ترۆرو

نائارامی دژ بە مرۆڤ پیادە دەکەن و بە خەیالی خۆیان بۆیان دەلوێت کە هەر ئاوا بن و لە یاد خۆیان دەبەنەوە کە ئەو ڕۆژگارە نەماوەو ئەو بابەیان مردوەو وەک کورد گوتەنی بزن ئەجەلی بێت نانی شوان دەخوات ، ئەمڕۆ هەمان ئەو هەستانەی کە لەگەل نەمر عەبدولخالیق مارف کە هەر لە سالانی زووەوەڕا گەلێ جاران باسمان لێوە دەکرد وا هاتۆتە دی و وا زلهێزێکی وەک ئەمەریکا لە عێراقدا دابەزیوەو هاوکاریەتی کورد دەکات و کوردیش زانایانە وا پەیوەندیەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی و دۆستایەتیەکان لە گەل ئەو زلهێزانە دا ژیرانە توند تر دەکات و دەیسەپێنێت کە کارێکی پیرۆزە و وا خەریکە بوومە لەرزەکەی کە نەمر مەلا عوسمان باسی لیوە دەکرد دێتە دی و سنورەکانی کوردستان کە بە دەریاوەیە باسیان دەکرێت ، کە ئەمانە هەمووی بۆ کورد ئایەندە سازن و گەلی کوردو کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەبات ، ئەمڕۆ گەلی کورد وا دژ بە هەموو هیزە داگیرکەرەکانی کە سالەهای سالە کوردستانیان داگیر و تەعریب و وێران کردووە ، وا دۆستایەتی زلهێزەکان دەکات و دەست لە ناو دەستیان دەنێن و وەک ڕۆژگارانی ڕابوورد و بە زۆر ناوەوە کورد ئەمجارە هەڵناخەلەتێ ، وا ئەمڕۆ بوختانەکانی تورک و عارەب و عەجەم دژ بە گەلی کورد هەموویان ڕیسوا دەبن و چارەشیان نیە و هیچیان بۆ ناکرێت ، وا دەبینین کە بڕیاری 1636 لە نەتەوە یەک گرتوەکان دەردەچێت و گەلێ شتی بە سودی تیایە بۆ لیدانی هەموو ئەوانەی کە لە ژێرەوە هەولی لە ناو بردنی مرۆڤ دەدەن و هاوکاریەتی ترۆریستان دەکەن و خەلکی بێتاوان دەکوژن و دان بە مافی مرۆڤ ناهێنن ، دەبینین کە ئەوان دکتاتۆرانە وا زەندەقیان چووە لەو هەموو گۆرنکاریانەو کەوتونەتە پەلەقاژەوە ، چونکە دەزانن کە ئەوانێش دەکەونە بەر لافاوی توڕەیی و دادگایی کردن و سەرشۆر کردنیان لە بەرامبەری هەموو جیهان دا ، دەبێ کە ئەو کەسانەی کە هۆکاری کوشتن و ترۆر و نامرۆڤایەتی بوینە تۆلەیان لێ بکرێتەوەو ئەمەش بڕیاری تیکرایی جیهانیانە کە بڕیاری لە سەر دراوە،ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەولەتی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پڕۆژەی بڕیاری 1595 دەبێ جێبەجی بکرێت،کە بە پێی ئەو پڕۆژەیە دەبێ ئەو دەولەتانە و دەولەتی سوریا بە تایبەت مل کەچ بکەن بۆ لیکۆلینەوەی تەواو لە بارەی کوشتنی حەریری و داوا لە هەموو جیهان دەکەن کە هاوکاری ئەو تیمانە بکەن کە بۆ ناساندنی ئەو کەسانەی کە ئەو پیلانانەیان داڕشتووەو یان پشتگیریان لە کوشتنی حەریری کردووە،هەروەها هەموو ئەوانەی کە دەولەتی لوبنان گومانیان لیدەکات دەستگیر بکرێن و لییان بپرسرێتەوە،هەروەها هەموو وەلاتانی جیهان دەبێ ڕیگا لە دزە کردنی پیاو خەراپان بۆ ناو وەلاتێکی ترەوە بگرن و وەلاتانی جیهان هاوکاری بکەن بۆ داخستنی بانک و ڕاگرتنی پارەو پولی ئەوانەی کە هاوکاری ئەم تاوانە بوینە،دیارە کە ڕایان وایە ترۆر کردنی حەریری بەبێ ئاگاداری بەرپرسیارانی پێشووی ئەمنی لوبنان و بەرپرسیارانی گەورەی سوریا نەبووە،داوا لە دوەلەتی سوریا دەکەن کە لەدوای 15دیسمبەرەوە دەبێ هاریکاری تەواو بکەن لە گەڵ تیمی لێکۆلینەوەکان دا کە بەنیازن برۆنەوە ناوچەکە ، سوریا نابێ دەست لە کارو باری لوبنان وەربداتەوە،دەبێ سوریا هەموو داراییەکانی گومان لێ کراوان دابخات و

ڕیگەیان نەدات کە لە سوریاوە بڕۆنە دەرەوە.ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە ئەمڕۆ لە جیهان دا ناکرێت کە دکتاتۆرەکان و مرۆکوژەکان هەرچی بیانەوێ لە کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی کردن ئەنجامی بدەن و وەک جاران بۆشیان بچێتە سەرو بۆیان سەر بە دەرخۆنە بکرێت،دەبینین کە فاروق شەرحی وەزیری دەرەوەی سوریا نگەرانی خۆی بەرامبەر ئەو بڕیارە دەربڕیوە،بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەخت لە سەر ئەوەد دەکاتەوە و دەڵێت :ئەم جۆرە رەفتارانەی سوریا کە گرتویەتە بەر دیاردەی خۆ دوور خستنەوەیە لە کۆمەلگای نێو دەولەتی دایە و ئەمانە هەموو وەرچەخانن لە سیاسەتەکانی ئەم وەلاتانەدا.

بەڵی جیهانی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیەکانی دکتاتۆرەکان و دایەنەکانی ترۆریستاندا نیەو ئەوانەی کە تا ئەمڕۆش بە خەیال پوچی و هەستی جنایەتکارانە بیر دەکەنەوە دیارە کە سبەی ڕۆژ بە چی دەگەن و چیان وەسەر دێت و ئاکامی ژیانیان بەرەو نەمان و ملکەچی بەرامبەر بڕیارەکانی ئاسایشی نێو دەولەتی دەبات ، ئەمانە و ئەم گۆڕنکاریانەو وەرچەرخانە هەمووی لە بەرژەوەندی گەلانی چەوساوەیەو دیاردەیەکی گرنگە بۆ گەیشتنی گەلی کوردیش بە مافەڕەواکانی خۆی بە تایبەت گەیشتن بە مافی چارەنوس و کوردستانێکی ئازادو رەهاو سەربەخۆمان.2.11.2005 .